داوای قەدەغەکردنی جگەرە و نێرگەلە و ڤەیپ دەکرێت

ئەمڕۆ هەینی ،ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، داوای قەدەغەکردنی هەموو تامەکانی تووتن و بەرهەمە نیکۆتینییەکان کرد.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی تووتنەوە هۆشداری لەبارەی جگەرە و نێرگەلە و ڤەیپ بڵاوکردەوە وتی، ئەو کەسانەی بانگەشەی بۆ دەکەن لە سۆشیاڵ میدیادا بەرپرسیارن لە مردنی نزیکەی ٨ ملیۆن کەس لە سەرانسەری جیهاندا.

ئاماژەی بەوەشکرد، تامەکانی وەک شیرینی پەتاتە تامی توندی بەرهەمەکان دەشارێتەوە و زیاتر سەرنجی بۆ هەرزەکاران ڕادەکێشن، ئەمەش وادەکات وازهێنانیان لە جگەرەکێشان قورستر بێت و ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشییە سەختەکانی سییەکان زیاد دەکات.

باسی لەوەشکردووە، زیاتر لە ٥٠ وڵاتی جیهان تووتنی تامداریان قەدەغەکردووە و زیاتر لە ٤٠ وڵاتیش فرۆشتنی جگەرەی ئەلیکترۆنییان قەدەغەکردووە، لە هەندێک وڵاتیش سنووردارکردنی زیاتریش

بەبەکارهێنانی نەرگەلە و ڤەیپ دانراوە.

جەختی لەوەش کردووەتەوە، کە بانگەشەکردن بۆ ئەم مادە زیانبەخشانە لە سۆشیال میدیادا بەشدارە لە راکێشانی گەنجان بۆ ئەم بەرهەمانە، کە مادەی کیمیایی شێرپەنجەیی تێدایە و ساڵانە بەرپرسیارن لە مردنی نزیکەی ٨ ملیۆن کەس لە سەرانسەری جیهاندا.